# جەژنی ڕەمەزان

## سەرەتایەك بۆ سەرپێچی كردنی پەروەردگار
## یان
## دەروازەیەك بۆ شوكرانە بژێری ...؟!


ئامادەكردنی

ڕەوەند عبداللە

پێداچوونەوەی

مامۆستا عدنان بارام


==================================================


سایتی بەهەشت

www.ba8.org

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

=========================

**تێبینی** : مافی بڵاوكردنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەموو موسڵمانێكە بە مەرجێ وەكو خۆی بڵاوی بكاتەوەو دەستكاری نەكرێت

## جەژن و تێگەیشتنێکی هەڵە

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ باللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ [آل عمران : ١٠٢]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾ ﴾ [النساء : ١]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ [الأحزاب: ٧٠ ــ ٧١ ]

أَمَّا بَعْدُ ... فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُها وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

وبعد :

**جەژن** : ناوێکە هەموو ڕۆژوو شوێنێك ئەگرێتەوە ، ووشەی (عید)یش لە زمانەوانیدا بە هەموو ڕۆژێك ئەوترێ کە تیایدا خەڵکی کۆ بێتەوە ، وە بۆیە پێی وتراوە (عید)چونکە جار لەدوای جار دەگەڕێتەوە و دوبارە ئەبێتەوە . (ابن عابدین) دەڵێت : جەژن ناونرا بە (عید) چونکە خوای گەورە جۆرەها چاکەی هەیە دەگەڕێتەوە بۆ بەندەکانی لە هەموو ڕۆژێکدا لەوانە خواردن لە پاش خۆگرتنەوە لێی و سەرفترە و .... هتد . ابن الأعرابي دەڵێت : جەژن ناونراوە بە (عید) چونکە هەموو ساڵێك بەخۆشی و شادی تازەوە دێتەوە و دەگەڕێتەوە .

موسوڵمانانیش تەنها دوو جەژنی وەرزیان هەیە ئەویش جەژنی (ڕەمەزان و قوربان) ە ، لەسەردەمی نەفامی (جاهلی) دا موسوڵمانان دو ڕۆژیان هەبوو خۆشیان تیا ئەکرد و شادیان دەگێڕا بۆیە خوای پەروەردگار لەبەر میهرەبانی بە موسوڵمانان ئەو دوو ڕۆژەی بۆیان گۆڕی بە دوو ڕۆژی موبارەك و لە نەفامی و خۆشحاڵی دەربڕینی کوێرانە ڕزگاری کردن هەروەك ( ئەنەسی کوڕی مالك ) بۆمانی ئەگێڕێتەوە : کە پێغەمبەری خوا ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە ، دوو ڕۆژی دیاری کراومان هەبوو ، بەزم و شادیان تێدا دەگێڕا لێی پرسین : " ما هذان اليومان" واتە : ئەو دوو ڕۆژە چین ، وتیان : لەسەردەمی نەفامیدا پێش ئیسلام بەزم و شادیمان تێدا دەگێڕا ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی : " إن الله قد ابدلكم بهما خيرا منهما يوم الاضحى و يوم الفطر " واتە : خوای پەروەردگار بۆی گۆڕیون بە دوو ڕۆژی لەوان چاکتر کە دوو جەژنی (ڕەمەزان و قوربان ) ە صححه الالباني في صحيح سنن ابي داود ، برقم : ١١٣٤.

بەڵام بەداخەوە پاداشتی خەڵکی ئەم سەردەمە بۆ ئەو نیعمەتە گەورەیەی پەروەردگار کە لە نەفامی ڕزگاری کردون کەچی لەمان وابێ جەژن واتە خواردن و خواردنەوە پێیان وایە جەژن کۆتایی هاتنی پەرستنەکانە

لەگەڵ تەواو بوون ڕەمەزان ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە چونکە جەژن ماناکەی زۆر لەوە گەورەترە کە هەندێ بێ ئاگا تێگەیشتوون ، هەربۆیە جەژن لەکۆی ئەو شەرع و ڕێچکە و ڕێبازەیە کە خوای پەروەردگار لەبارەیەوە ئەفەرموێ : ﴿لِّكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلْنَا مَنسَكًا هُمْ نَاسِكُوهُ﴾ ( الحج : ٦٧ ) ، واتە : ( هەموو ئوممەتێك شێواز و پەرەستن و پەیڕەوی تایبەتمان بۆ ناردوون ، وەکو قیبلە و نوێژوو ڕۆژوو گرتن و ... هتد ) زانای پایە بەرز (ابن تيمية) فەرموویەتی : (( جەژنەکان لەو تایبەت مەندیانەن کە ئاینەکانی پێ لەیەکتری جیا ئەکرێتەوە )) . بەڵام بەداخەوە تێگەیشتنی هەڵەی موسوڵمانان وای کردوە لەخۆمان بپرسین جەژنی ڕەمەزان لە کێ پیرۆزە ؟ و خۆشی جەژن بۆ کێ یە ؟ وڵامی ئەم پرسیارەش لەپاش خستنە ڕوی ئەو ئایەتەی سەرەوە بۆ هەموومان ڕونە ، خۆشی جەژن بۆ ئەو کەسانەیە کە دڵیان خۆشە بەو پەرستنانەی ئەنجامیان داوە نەك ئەوانەی بەخەوتن و تاوان کردن ڕەمەزانیان تەواو کرد ، جەژن بۆ ئەو کەسانەیە بەگریانەوە ماڵئاوایی لە ڕەمەزان ئەکەن و دڵخۆشن بە پەرەستنەکانیان و ئەترسنیش لەوەی لێیان وەرنەگیرێ نەك ئەوانەی لەگەڵ تەواو بوونی ڕەمەزان باوەشیان بۆ تاوان ئەکەنەوە ، هەندێك لە پێشین ووتویانە : (( هیچ کەسێك نیە کە دڵخۆش بێت بە جگە لە خوا ئیللا نیشانەی بێ ئاگاییەتی لە پەروەردگاری ، کەسی بێ ئاگا دڵخۆشە بە ئارەزوەکانی بەڵام کەسی ژیرو هۆشمەند دڵخۆشە بە پەروەدگاری )) .

موسوڵمانان جەژن مەوسمی خۆشحاڵی دەربڕینە بۆ ئیمانداران کە بە ڕۆژوو گرتن دڵەکانیان ئاوەدان کردۆتەوە و پاداشتی پەروەردگاریان بەدەست هێناوە

خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿قُلْ بِفَضْلِ اللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾﴾ ( یونس) واتە : بڵێ : دەبێ تەنها بە بەهرە و میهرەبانی خوا ( واتە : بە پابەند بوون بەقورئان و ئیسلامی پیرۆز ) خۆشحاڵ و دڵشاد بین چونکە سەرفرازی هەردوو جیهانەکەن ( دونیاو قیامەت ) ئەوەش لەو هەموو دەسکەوتە ئەوان کۆی ئەکەنەوە باشترە . جەژن بە جلی نوێ لەبەرکردن نیە جەژن بۆ ئەو کەسانەیە دڵەکانیان بە باوەڕ نوێ ئەکەنەوە ، بۆیە لەم هەڵە تێگەیشتنەی خەڵکی بۆ جەژن وتە بە نرخەکەی (حسن البصري)م دێتەوە یاد کە فەرموویەتی : : هەر ڕۆژێك کە سەرپێچی پەروەردگاری تێدا نەکرێت ئەوەیە جەژن ، وەهەر ڕۆژێك کە باوەردار بەسەری ببات لە گوێڕایەڵی و یاد و شوکرانە بژێری پەروەردگاری ئەوە جەژنە بۆی .

بۆیە حەق وایە موسوڵمانان بەرلەوەی خۆشحاڵی دەربڕن بیربکەنەوە و لەخۆیان بپرسن ئایە ڕۆژوەکانیان لێیان وەرگیراوە یان بەڕویاندا دراوەتەوە !!؟

هەروەك هەندێك لەزانایان سەبارەت بەم هەڵە تێگەیشتنەی خەڵکی لە جەژن فەرموویانە : (( ئەگەر ئەو خەڵکە پێشوەخت خوای پەروەردگار پێی ڕاگەیاندوون کە ڕۆژوو و تەراویحی لێ وەرگرتوون ئەوا دەبوایە لەڕۆژانی جەژن دا سەرقاڵی شوکرانە بژێری بن کە خوای پەروەردگار پەرستشەکانی لێ وەرگرتوون . وە ئەگەر لەوە دەترسن کە پەرستشەکانیان لێ وەرنەگیرا بێ ئەوا دەبێت زیاتر و زیاترسەرقاڵی پاڕانەوە بن بۆ وەرگیرانی پەرەستشەکانیان )) .

# سەرپێچیەکانی جەژن

موسوڵمانی بەڕێز : جەژن بریتی نیە لە ماڵئاوایی کردن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و تەواو بونی خوا پەرستی وەك هەندێ بێ ئاگای ئەم سەردەمە تێگەیشتوون و باوەشیان بۆ تاوان کردن ئەکەنەوە لەوان وابێ جەژن دەستپێکردنی تاوانە و حەڵاڵ بونیەتی ، ئەوەی وائەکات دڵەکانمان خوێنی لێ داچۆڕێ بەرلەوەی فرمێسك لەچاوەکانمان داباڕێ ئەوەیە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی جەژندا ئاسەواری پەرەستن لە زۆربەی ماڵی موسوڵمانان بەدی ناکەین هەربۆیە جەژنەکانمان لەپەرستن و شوکرانە کردنی نیعمەتەکانی پەروەردگار ئەبێتە ڕۆژی ناسزای دەربڕین بەرامبەر نیعمەتەکان و تاوان کردن هەر بۆیە ئەبینین موسوڵمانان لە ڕۆژی جەژندا دوچاری چەندین سەرپێچی ئەبن کە هەمووی ئەبێتە هۆی توڕەبوونی پەروەردگار لێیان وە لە جوملەی ئەو سەرپێچیانەش :

١ ـ هەندێك لەو کەسانەی باوەڕیان لاوازە دڵخۆشن بەتەواو بوونی ڕەمەزان کە مانگی لێخۆشبوونە وەك بڵێی بارێکی قورسیان بە کۆڵەوە بوبێت ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە چونکە ئەبێ موسوڵمانان خۆشحاڵ بن لە جەژن بەوەی کە خوای پەروەردگار هاوکاریانی کردوە بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان بەو شێوەیەی خوا پێی خۆشە .

٢ ـ دوا کەوتنی هەندێك خەڵك لە نوێژی جەژن بەهۆی زۆرمانەوە تا درەنگانێك بەدیار سەتەلایت یان سەرقاڵ بوونیان بە ئامادەکردنی جل و بەرگی جەژن ، لەکاتێکدا نوێژی جەژن هۆکارێکە بۆ دیسانەوە کۆبوونەوەی موسوڵمانان جارێکی تر لە پاش ڕەمەزان .

٣ ـ تەکبیر کردن بە کۆمەڵ : وەك ئەوەی ئەم سەردەمە یەکێك تەکبیرئەکاو ئەوانی تر بەدوایدا بەکۆمەڵ و بەیەك دەنگ دوبارەی ئەکەنەوە ، ئەمەش تاوانە چونکە بیدعەیە نە پێغەمبەری خوا ﷺ بەو شێوەیە کردویەتی و نە هاوەڵە بەڕێزەکانیشی ، ئەمەش بیدعەیە ، پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویەتی : " وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ "

واتە خراپترینی کردەوەکان ئەوانەن کە لە ئایندا بنەوایان نیە وتازەگەرین تیایدا ، هەموو تازەگەریەکی بێ بنەواش لە ئایندا بیدعەیە و هەموو‌بیدعەیەکیش گومڕاییە، خاوەنی هەموو گومڕاییەکیش لە ئاگر دایە .

٤ ـ نوێژ کردن لە پێش و پاشی نوێژی جەژن جگە لە (تحية المسجد) . چونکە نوێژی جەژن نوێژی سوننەتی لەپێش و پاشدا نیە . لە ( عبد الله بن عباس ) ەوە رضي الله عنه فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا ﷺ جەژنی ڕەمەزان دوو ڕکاتی کرد نە لەپێش ونە لەپاشی نوێژی تری نەکرد

(ابن القيم )(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت : نە پێغەمبەر ﷺ و نەهاوەڵان رضي الله عنهم کە بگەیشتنایەتە نوێژگە (مصلى) نوێژیان نە ئەکرد نەلە پێش و نەلە پاش نوێژی جەژن .

(ابن حجر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت : دەست کەوتوو سەرئەنجام ئەوەیە کە نوێژی جەژن هیچ سوننەتێك نە لەپێش و نە لەپاش جێگیر نەبووە ، بەپێچەوانەی کەسێکەوە کەقیاسی دەکات لەسەر جومعە

بۆیە جگە لە دوو ڕکاتی ( تحية المسجد ) هیچ نوێژێکی تر نیە نە لە پێش و نەلە پاشی نوێژی جەژن ئەگەر لە مزگەوتدا ئەنجام درا .

٥ ـ دەست بەرزکردنەوە لە تەکبیرەکانی نوێژی جەژن ، ئەمەش بیدعەیە چونکە بە(صەحیحی) نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کەوا دەست بەرز بکاتەوە لەگەڵ(تکبیرە) کانی جەژن

٦ ـ زیادە ڕەوی کردن لە کڕینی جل و بەرگ بۆ منالان و کڕینی خواردەمەنی لەکاتێکدا چەندین هەژار هەن نانی جەژنیان نیە بیخۆن نەك جل و بەرگی منالان خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ ﴿وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُسۡرِفِينَ﴾ (الأنعام :١٤١) .

واتە: زیادە مەسرەفی مەکەن، چونکە خوای پەرەردگار کەسانی زیادە مەسروفکاری خۆش ناوێ

٧ ـ هەندێ لە پیاوان بە مەبەست و بیانوی خۆ جوانکردنەوە ڕیشیان ئەتاشتن لەکاتێکدا زانایان فەرمویانە ڕیش تاشین لە تاوانە گەورەکانەو لاسایی کردنەوەیە بۆ بێباوەڕان ، کارێکیش گەورە تاوان بێت ئیتر چ جوانیەکی هەیە پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی : " خالفوا المشركين أحفوا الشوارب وأوفو اللحى " متفق عليه . واتە : پێچەوانەی هاوەڵ بڕیاردەران ببنەوە و شواربتان سوك بکەنەوە و ڕیشیشتان بهێڵنەوە .

٨ ـ دەرچوونی ئافرەتان بۆ مزگەوت بە بۆن خۆش کراوی بە عەتر و گوڵاو لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : " إذا استعطرت المرأة فمرت على القوم ليجدوا ريحها فهي زانية " صحيح الجامع الصغير : ٣٢٣ واتە : ئەگەر ئافرەت خۆی بۆن خۆش بکات و بەلای کۆمەڵە خەڵکێکدا تێپەڕ ببێت ئەوا وەك تاوانی داوێن پیسی وایە.

٩ ـ خۆ جوانکردنەوەی ئافرەتان بەمەبەستی دەرچوون بۆ بازاڕ بۆ وێنەگرتن و سەردان کردنی باخچە و شوێنە گشتیەکان و پیاسە کردن بەناو پیاوان ئەمەش تاوانە چونکە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿وَقَرۡنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجۡنَ تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ﴾ (الأحزاب : ٣٣ ) واتە : لەماڵەکانی خۆتان ئۆقرە بگرن ( واتە : بەبێ کاری پێویست لەماڵ دەرمەچن) نابێت ئێوە وەك سەردەمی نەفامی زوو (جاهلی) زینەت و جوانی خۆتان بۆ پیاوان دەربخەن ، مجاهد فەرموویەتی : ئافرەتان لە پێش ئیسلامدا دەڕۆشتنە دەرەوە و بەناو پیاواندا دەگەڕان ئەوەیە کە خوای پەروەردگار فەرمویەتی (تَبَرُّجَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ ٱلۡأُولَىٰۖ )

وێنە گرتن و پیاسەی باخچەکان وهاوشێوەکانی هیچ کاتێك لە پێویستیەکانی دەرچوون نین

١٠ ـ وازهێنانی ئافرەتان لە پۆشاکی شەرعی و گەڕانەوەیان بۆ سەر مکیاج کردن و جلی ناشەرعی و نیوە ڕوت لەبەر کردن و خۆ جوانکردنەوەیان بۆ هەموو خەڵکی بەبیانوی خۆشی جەژن و دەرچونیان لەماڵ بەبێ کارێکی پێویست خوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ : ﴿وَلَا يُبۡدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنۡهَاۖ وَلۡيَضۡرِبۡنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّۖ﴾ ( النور : ٣١ ) واتە : زینەت و جوانی و خشڵی خۆیان دەرنەخەن لە ئاست نامەحرەم جگە لەوەی لێی دەرئەکەوێ ( واتە : تەنها هەردوو دەست و دەم و چاویان ) و با سەرپۆش و لەچکەکانیان بدەن بەسەر گەردن و سنگیانیشدا تا سنگ و بەرۆکیان دەر نەکەوێ .

پێغەمبەری خـوایش ﷺ ئەفـەرموێ : "  صنفان من أهل النار لم أرهما: ..... ونساء كاسيات عاريات مـــائلات، رؤسهن كأسنمة البخت المائلة، لايدخلن الجنة، ولايجدن ريحها، وإن ريحها لتوجد من مسيرة كذا وكذا "
واتە: دوو پۆل هەن کە ئەهلی دۆزەخـن مـن نـەیانم بینیـوە : ........... وە ئافرەتـانێکی پۆشـتەی ڕووت کـە بەلار ولەنجە بەرێگادا دەڕۆن وسەرەنجی پیاوان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، پرچیان وەکو بـان پـشتی حوشـتر لەسەر سەریان کۆدەکەنەوە ئەمانە ناچنە بەهەشتەوە و بۆنی بەهەشتیش ناکەن، هەرچەندە بـۆنی بەهەشـت لە دووری ئەوەندە و ئەوەندەوە هەست پێ ئەکرێت .
١١ ـ تەوقە کردنی ئافەرتان و پیاوان لەگەڵ یەکتر بەهەمان شێوە کوڕان و کچانی باڵغ بوو بەمەبەستی جەژنە پیرۆزە و بەبیانوی دڵپاکی و خزمایەتی پێغەمبەری خـوایش ﷺ فەرموویـەتی : " لأن يطعـــن في رأس رجـــل بمخيط من حديد، خير له من أن يمس امرأة لا تحل له " واتە : ئەگەر مێخێکی ئاسنین  لەسەر پیاوێك دابکوترێت باشترە بۆی لەوەی دەستی بەر دەستی ئافرەتێك بکەوێت کە بۆی حەڵاڵ نەبێت
١٢ ـ چاو نەپاراستن لە ئاست نامەحرەم و تێڕوانینی حەرام ، چـونکە خـوای پـەروەردگار ئەفـەرموێ : ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴾ ( النور : ٣١ ) واتە : بە ژنـانی بـاوەڕدار بڵـێ : بـا چـاویان دابخەن لە تەماشاکردنی نامەحرەم و عەورەتیشیان بپـارێزن .  بـە هـەمان شـێوە بـۆ پیـاوانیش ئەفـەرموێ : ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ﴾ ( النـــور :٣٠ ) واتـــە : بـــە پيـــاوانی باوەڕدار بڵێ : چاو دابخەن لە ئاست تەماشـاکردنی ژنـانی نامـەحرەم ( واتـە : ئـەو ئافرەتانـەی بۆتـان هەیـە مارەیان بکەن ) وە داوێنیشتان بپارێزن لە تاوانی زینا کردن ، چونکە خۆپاراستنتان پاکتر و چـاکترە بۆتـان.
(نظر) کردنیش جۆرێکە لە  جۆرەکانی زینا کردن بێ گوێدانە خزمایەتی و دڵپاکی هەروەك پێغەمبەری خوایش فەرموویـەتی " فزنا العين النظر" واتـە : زینـا کردنـی چـاوەکانیش بریتیـە لـە تەماشـاکردنی نامـەحرەم (بـەبێ جیاوازی کردن لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا)
هەندێك لە هاوڕێکانی (سفيان الثوري) یش فەرمویانە : ڕۆژی جەژن لەگەڵ سوفیان دەرچووین  پـێی وتـین  : یەکەم شتێك لەم ڕۆژەماندا لەسەرمانە ئەنجامی بدەین چاو داگرتنە لەئاست نامەحرەمدا .
١٣ ـ هەندێ لە بازرگان و خاوەن دوکانەکان ئەم ڕۆژی پڕ لەخێر و بەرەکەتە وەك هەلێك ئەزانن بۆ دزی کردن و خواردنی ماڵی خەڵکی بە حەرام لە ڕێگەی گران کردنی نرخـی شـت و مەکـەکانیان ئەمـەش ڕۆزی بەدەسـت هێنانە بە ڕێگای ناشەرعی  و زوڵم کردن لەخەڵکی ، هەروەها کۆمەڵێکی تریان هەڵ ئەسەن بـە خـەزن کردنـی شت و مەکێکی زۆر و هەڵگرتنی بۆ ڕۆژی جەژن بەمەبەستی بەگران فرۆشـتنەوەی ، پێغەمبـەری خـوایش ﷺ فەرمویەتی :  " من احتكر طعاما فهو خاطىء " رواه مـسلم ، واتـە : ئـەو کەسـەی خـواردنی پێویـستی خـەڵك هەڵگرێت بۆ کاتی گرانی ئەوە هەڵە کار و تاوانبارە .
١٤ ـ زۆرێك لە خەڵکی لـە ڕۆژی جـەژن بـە ڕێگـای ناشـەرعی و حـەرام پـارە و ڕۆزی بەدەسـت ئـەهێنن وەك : یانەسیب فرۆشتن و خاوەن بلیار و فیشەکان و ئەوانـەی قومـار ئەکـەن لەگـەڵ فرۆشـتنی جگـەرە و مەشـروب ئەوەش پارە لەم جۆرە شتانە سەرف بکات تاوانبارە چونکە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرمویەتی" لا تزول قدما

ابن آدم يوم القيامة من عند ربه حتى يُسأل عن.... وماله من أين اكتسبه وفيم أنفقه " السلسلة الصحيحة :٩٤٦ . **دوو پــێی ئـادەمیزاد نـاترازێن لـەڕۆژی قیامەتـدا لای خـوای گـەورە تاپرسـیاری لێ نـەکرێت لـەبارەی ........ وەپارەکەی چۆنی پەیدا کردووە و لەچیدا بەکاری هێناوە**

**١٥ ـ پێشوازی کردن لە جەژن بە خواردنی حەرام وەك مەشروب و مـادە سڕکەرەکان خـوای پـەروەردگاریش ئەفـەرموێ** ﴿كُلُوا۟ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقْنَٰكُمْ﴾ (البقرة : ٥٧ ) **واتـە : بخـۆن لـەو خواردنـە حـەڵاڵ و پاکانـەی کـە کردومانەتە ڕۆزیتان .**

**١٦ ـ دەسـت پێکردنـی جـەژن بـە کـات فەوتانـدن وەك گـوێ گـرتن لـە گـۆرانی و تەماشـاکردنی زنجـیرە تەلەفزیۆنیەکان و بەرنامە خراپەکان چونکە کات هێندە بەنرخە خوای پەروەردگار سـوێندی پـێ ی خـواردوە هەروەها پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمویـەتی"** لا تزول قدما ابن آدم يوم القيامة من عند ربه حتى يُسأل عن خمس عن عمره فيما أفناه وعن شبابه فيما أبلاه ... " السلسلة الـصحيحة :٩٤٦ **واتـە : دوو پـێی ئـادەمیزاد نـاترازێن لـەڕۆژی قیامەتـدا لای خـوای گـەورە تاپرسـیاری لێ نـەکرێت لـەبارەی پێـنج شـت دەربـارەی تەمـەنی لەچـی بەسەری بردوە ولە لاوێتی دا لەچی دا فەوتاندویەتی .**

**١٧ ـ یاری کردنی منالان بە تەرەقە ئەمەش ئەبێتە هـۆی ترسـاندن و ڕاچـەڵەکاندنی موسـوڵمانان پێغەمبـەری خوایش فەرموویەتی : "** لا يحل لمسلم أن يروع مسلما " سنن أبي داود : ٥٠٠٤ **واتە : دروست و ڕەوا نیە بـۆ هـیچ موسڵمانێك موسوڵمانی تر بتۆقێنێت . لەم تاوانەش دایك و بـاوك بەرپرسـیارن چـونکە ئاگایـان لەمناڵـەکانیان نیە و پارەیەکی زۆریان ئەدەنێ بێ لێپرسینەوە لەوەی لەچی سەرفی ئەکەن و ئامۆژگاری مناڵەکانیان ناکەن**

**١٨ ـ زۆرێك لە لاوان دەرچوونی ئافرەتان لـەڕۆژی جـەژن بـە هـەل ئـەزانن بـۆ کەوتنـە شـوێن داوێـن پیـسی و روشـاندنی نـاموس و شـەرەفی بـاوەڕداران بـە قـسە وەشـاندن لـە کـچان و خـۆ کێـشان بـە ئافرەتـان خـوای پەروەردگاریش ئەفەرموێ :** ﴿وَٱلَّذِينَ يُؤْذُونَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ بِغَيْرِ مَا ٱكْتَسَبُوا۟ فَقَدِ ٱحْتَمَلُوا۟ بُهْتَٰنًا وَإِثْمًا مُّبِينًا ۝٥٨﴾ (الأحزاب) **واتە : ( وە ئەوانەش ئـازاری پیـاوانی ئیمانـدار و ژنـانی بـڕوادار ئـەدەن بـێ هـیچ تاوانێك کردبێتیان بێگومان ئەوانە درۆ و بوختان و گوناهی ئاشکرایان هەڵگرتووە )**

**١٩ ـ وازهێنان لە نوێژ کردن بەهۆی سەرقاڵ بون بە جەژن و سـەردان کردنـی خـزم و کـەس و کـار بەتایبـەتی وازهێنان لە نوێژی بەیانی و نوێژی جەماعەت پـەروەردگاریش دەفـەموێت :** ﴿مَا سَلَكَكُمْ فِى سَقَرَ ۝٤٢ قَالُوا۟ لَمْ نَكُ مِنَ ٱلْمُصَلِّينَ ۝٤٣﴾ ( سورة المدثر ) **واتە : (پێیان ئەڵێن ئەوە چی بوو ئێوەی بەرەو دۆزەخ ڕاپێچ کرد وا ئێستا ئەو سزا سەختە ئەچێژن ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا ئەڵێن : ئێمە لە نوێژ خوێنان نەبووین بـۆ پـەروەردگارمان) ، یـان ئـەو ئایەتـەی کـە ئەفـەرمووێت :** ﴿فَوَيْلٌ لِّلْمُصَلِّينَ ۝٤ ٱلَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ ۝٥﴾ ( سـورة الماعون ) **واتە : ( ئینجا سزای سەخت بۆ نوێژ خوێنەکان ئەوانەی لە نوێژەکانیان غافـڵ و بـێ ئاگـان و لـەکاتی خۆیدا نایکەن )**

٢٠ ـ تایبەت کردنی ڕۆژی جەژن لەلایەن هەندێ لەخەڵکی بێ ئاگا بەسەردان کردنی گۆڕستان جگە لەوەی زۆرێکان بە گریان نا سزایەکی زۆر ئەکەن و لەخۆیان ئەدەن یان بەشێوەیەکی ناشەرعی ئەگرین لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارە ئەبێتە هۆی تێکەڵ بوون ئافرەتان و پیاوان کە کارێکی ناشەرعیە و ڕێگەی پێ نەدراوە .

٢١ ـ خەرج کردنی پارەیەکی زۆر لەڕۆژی جەژن بە وێنەگرتن کە جگە لەوەی ئیسرافە خودی وێنەگرتنەکە کارێکی حەرامە بەتایبەت کار گەیشتۆتە ڕادەیەك کچان بەتەنها ئەچن بۆ ئستودیۆ بۆ وێنە گرتن کە ئەمە هێندەی تر تاوانەکە گەورەتر ئەکات

٢٢ ـ زیادە ڕەوی کردن لە بەکارهێنانی مۆبایل لە پیرۆزبایی کردنی جەژن ئەمەش لەدوو لاوە زیانی هەیە :

یەکەم / ئیسرافە چونکە ئەبێتە هۆی بەهەدەر چوونی پارەیەکی زۆر

دوەم / ئەبێتە هۆی کاڵ کردنەوە و پچڕاندنی صلەی ڕەحم لە داهاتوو دا . بۆیە باش وایە تەنها بۆ کەسە دورەکان تەلیفۆن بکرێت کە ناتوانین بیانبینین بۆ پیرۆزبایی کردنی جەژن .

٢٣ ـ خۆ چواندن بە بێ باوەڕان ، چونکە داب و نەریتی بێ باوەڕان لە جەژنەکانیان بریتیە لە تاوان کردن بە بیانووی خۆشحاڵی دەربڕین

ئەمانەش کە خستمانە ڕوو مشتێکە لە خەرمانی ئەو تاوان و سەرپێچیانەی لە ڕۆژی جەژن ئەنجام ئەدرێن لێرەدا سەبارەت بەم غەفلەت و کوێرانە خۆشحاڵی دەربڕینەی خەڵکی لەپاش بەسەر چوونی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز و لە ڕۆژی جەژن هەروەها بۆ ئەم هەموو سەرپێچیە وتەی یەکێك لە پیاو چاکانم بیر ئەکەوێتەوە کە لە ڕۆژی جەژندا بەلای کۆمەڵە خەڵکێکدا تێپەڕی بینی سەرقاڵی خۆشی و چەنەبازین ئەویش پێی وتن ئەگەر ئێوە لە ڕەمەزاندا چاکەتان کردبێت ئەوا بەم شێوەیە شوکرانە بژێری ئەو چاکەیە ناکرێت کە پەروەردگار لەگەڵتانا کردویەتی ، وەئەگەر لەڕەمەزاندا خراپەتان کردبێت ئەوا ئەم شێوە کردەوانە ڕەفتاری کەسێك نیە کە خراپەی بەرامبەر بە پەروەردگار کردبێت ، خوای پەروەردگاریش زاناترە .

## نامەیەك بۆ گەورەکانی ماڵ

دایکان و باوکانی بەڕێز خۆشکان و برایانی باوەڕدار وەك کوڕێکی بچوك و برایەکی ئامۆژگاری کار پێم خۆشە پێتان ڕابگەیەنم مرۆڤ خۆی تاوانی کەم نیە تا بەرگەی هەڵگرتنی تاوانی مناڵەکانیشی بکات بۆیە باش وایە لە ڕۆژی جەژن ئاگاتان لە مناڵ و براو خوشکەکانتان بێ و ڕێنموییان بکەن بۆ چاکە چوونکە ئەوەی وای لێ کردم ئەمەتان بۆ بنوسم زۆر تاوانێك ئەبینم بچوکەکان ئەنجامی ئەدەن بەڵام هۆکارەکەی لێنەپرسینەوە و بێ ئاگایی گەورەکانە کە دەرفەتیان ئەدەن لەوانەش :

١ ـ زۆرێك لە دایکان و باوکان پارەیەکی زۆر ئەدەنە مناڵەکانیان بێ ئەوەی لێیان بپرسنەوە لە چی دا خەرجی ئەکەن بەمەش لەچەن ڕویەکەوە بەرپرسیار وتاوانبارن :

یەکەم : ڕەنگە مناڵەکانیان ئەو پارەیە لە قورمار کردن و کاری ناڕەواو حەرام سەرف بکەن وەکو یانەسیب و بلیارد و دوریش نیە بەهۆیەوە فێری جگەرە کێشان و مەشروب خواردنەوە و مادده سڕکەرەکان و شتی خراپتریش بن .

دووەم : منالّی هەژاران هێندە پارەیان پێ نیە منالّەکانی تۆیش پارەیەکی زۆر ئەبێتە هۆی ڕەنجاندنی دلّی منالّی هەژاران پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرموویەتی : " لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه " . واتە : هیچ کەس لە ئێوە باوەڕی تەواو نابێت تا ئەوە بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ براکەیشی پێی خۆش نەبێت .
سێ یەم : خەرج کردنی پارەکانیان لە کڕینی تەرەقەو ترساندنی موسوڵمانان .
چوارەم : لەهەمووی گرنگ تر ڕاهێنانی منالّ لەسەر پارەی زۆر وای لێئەکات لەکاتی نەبوونی پارە دزی بکات یان بەهەر شێوەیەك بێت پارە پەیدا بکات بێ گوێدانە شێوەی پەیدا کردنەکەی .
٢ ـ زۆرێك لە دایکان و باوکان تا تەواو بوونی جەژن ئاگایان لە منالّەکانیان نیە کەی لەمالّ دەرئەچن و کەی دێنەوە بەم کارەش دور نیە منالّەکانیان بەهەلی بزانن توشی تاوان کردن بێن و فێری سەرپێچی کردنی خۆیشیان بن و دوای چارەسەر نەکرێن .
لەهەموو ئەم تاوانانەش دایکان و باوکان تاوانباری یەکەمن چونکە بێ ئاگان لە منالّەکانیان و لێیان ناپرسنەوە لە کوێ بوون و پارەکەیان لەچی سەرف کرد ، وە باش وایە مەبلەغێکی دیاری کراویان بدرێتێ لەگەلّ تەمەن و هاوڕێکانیان بگونجێ وە ئاگەداری ئەوەش بن کە لەگەلّ کێ هاوڕێن و لەگەلّ کێ دەر ئەچن .
٣ ـ کەم تەرخەمی کردنی دایك و باوك بەرامبەر منالّەکانیان لە فەوتاندنی نوێژەکانیان چونکە زۆرێکیان بەهۆی سەرقالّیانەوە نازانن منالّەکانیان لەکوێ بوون نوێژەکانیان ئەنجام ئەدەن یان پشت گوێی ئەخەن بۆیە ئەرکی سەرشانی گەورەکانە ئاگایان لە منالّەکان بێ بەتایبەتی ئاگایان لە تازە پێگەیشتوان بێ لەوەی بەردەوام بن لەسەر پەرەستنەکانیان .
٤ ـ هەندێ لە دایکان و باوکان خوا هیدایەتیان بدات خۆیان داوا لەمنالّەکانیان ئەکەن بەتایبەت بەکچەکنیان ئەلّێن جەژن تەنها چەن ڕۆژێکە ڕەفتەکانتان فرێ بدەن و خۆتان جوان بکەنەوە بەدو ڕۆژ خۆ ڕوت کردنەوە هیچ نابێ جەژن ڕۆژی خۆشی یە !! باشە ناترسن لەکاتی فرێدانی جلە شەرعیەکەی بمرێ و لەسەر ئەوحالّە لەقیامەت زیندو بکرێتەوە ؟ ئەوکاتە تۆ بەرپرسیاری لەو تاوانەی کچەکەت بۆیە لەو جۆرە دایك و باوکە بن کە ئامۆژگاری کچەکانیان بکەن بەوەی لە ژێر هیچ بارو فشارێکدا لە هیچ خۆشی و ناخۆشیەك دا دەست لە جلە شەرعیەکانیان هەلّنەگرن .
٥ ـ زۆرێك لەدایکان و باوکان لە جیاتی ڕێگری کردن کەچی خۆیان کچەکانیان لەمالّ دەر ئەکەن بۆ ئەو شوێنانەی پڕە لەهەرزەکار و گەنجی مل هوڕ بەمەش تاوانی خۆی منالّەکانیشی ئەکەوێتە ئەستۆ کە دوچاری ئەو تێکەلاّو بوونە ناشەرعیەیان ئەکات .
بۆیە لێرەوە پێتان ئەلّێم ڕێگر نیم لەوەی پارە بدەن بە منالّەکانتان بەلاّم لێیانیش بپرسنەوە و ئامۆژگاریان بکەن ، هەرگیز ڕێگر نیم لەدەرچوونی کچان بەلاّم بەو مەرجەی پۆشاکی شەرعی لەبەر بێ و ڕونەکاتە ئەو شوێنانەی پڕە لەتاوان و لاوی هەرزەکار ، بەلّکو لەگەلّ ئەوەدام منالّەکانتان فێری گەیاندنی صلەی ڕەحم بکەن لەگەلّ خۆتان بیانبەن بۆ سەردانی خزم و کەس و کار بەو مەجەی تێکەلّی پیاوانیان نەکەن و بەجلی شەرعیەوە لەمالّ دەریان بکەن ، لەم ئامۆژگاری و لێپرسینەوانەش دایکان و باوکان و تەنانەت خوشك و برا

گەورەکانیش بەرپرسیارن ، بۆیە دیسانەوە تکاتان لێ ئەکەم مەبنە هۆکاری تیا چونی منداڵەکانتان و خۆشتان توشی تاوان مەکەن چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی " كل مولود يولد على الفطرة فأبواه يهودانه أو ينصرانه أو يمجسانه " رواه مسلم . واتە : هەموو منداڵێك کە لەدایك ئەبێت ، لە سەر پاکی و خواناسینە ، بەڵام دایك و باوك ئەیکەن بە گاروە یان خاچ پەرست یان بە ئاگر پەرست . دەسا ئێوەش ببنە پردێك بۆ گەیاندنی منداڵەکانتان بۆ بەهەشت ، مەبنە هۆکارێك بۆ ئەوەی بچنە دۆزەخەوە .

## بۆ ئەوەی جەژن بەخۆشی بەسەر بەرین

ڕەنگە هەندێك بڵێن هێندە قورسی مەکەرەوە لەسەرمان جەژن ڕۆژی خۆشی دەربڕینە منیش ئەڵێم ڕێگر نیم لە خۆشحاڵی دەربڕین بەڵکو ڕێگرم لە سەرپێچی کردن بەناوی خۆشحاڵی دەربڕین ، چونکە ڕێگای شەرعی زۆرە بۆ خۆشحاڵی دەربڕین لە ڕۆژی جەژن بۆیە کاتی ئەوە هاتووە لەخۆمان بپرسین بەچ شێوەیەك پێشوازی لەجەژن بکەین و چۆن بەڕێی بکەین ؟ بە چ شێوەیەك خۆشحاڵی خۆمان دەربڕین کە شەرعی بێ ؟ چی بکەین باشە بۆ ئەوەی لەم ڕۆژە پیرۆزە خوا لەخۆمان ڕازی بکەین و خۆشحاڵیش دەربڕین بێ ئەوەی تاوان ئەنجام بدەین ؟

لە جوملەی ئەو کارانەی لەسەرمانە ئەنجامی بدەین لە پێشوازی کردن لە جەژنی ڕەمەزان و بەخۆشی بەڕێکردنی بریتیە لە دوو بەش:

یەکەم / زیندوو کردنەوەی سوننەتەکانی جەژن لەوانەش :

١ - خۆ شوشتن پێش جەژن لە (نافع) ەوە : (عبد الله کوڕی عومەر) ﵁ لە جەژنی ڕەمەزان خۆی دەشوشت پێش ئەوەی بچێت بۆ نوێژگە (مصلی) .

٢ - خواردنی چەن دەنکە خورمایەك بەرلە دەرچوون بۆ نوێژی جەژن : لە (أنس) ﵁ دەفەرمووێت : پێغەمبەر ﷺ لە جەژنی ڕەمەزاندا دەرنەدەچوو هەتا چەند دەنکە خورمایەکی دەخوارد .

ئیمامی (المُهَلَّب) دەفەرمووێت:

حیکمەت لەخواردندا پێش نوێژ ئەوەیە هەتا گومان بەرێك گومان نەبات لە بەردەوامی ڕۆژوو گرتن هەتا نوێژی جەژن دەکرێت، پێغەمبەر ﷺ ڕێگای ئەم گومان بردنەی گرت

٣ - خۆ جوان کردن و خۆ ڕازاندنەوە لە جەژندا (إبن القيم) لە (زاد المعاد ١/ ٤٤١ ) دا دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ بۆ دەرچوون بۆ هەردوو جەژنەکان لە جوانترین جل و بەرگەکانی لەبەر دەکرد و پۆشاکێکی هەبوو بۆ هەر دوو جەژن و جومعە لەبەری دەکرد .

٤ - دەرچوون بۆ نوێژگە (المصلی) : لە (أبي سعيد الخدري) ەوە ﵁ فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ جەژنی ڕەمەزان وقوربان دەردەچوو بۆ نوێژگە(مصلی) یەکەم شت دەستی پێ دەکرد نوێژەکە بوو

٥ - ڕۆیشتن وگەڕانەوە لە نوێژگە (المصلی) : سوننەتە بە پێ بچیت بۆ نوێژی جەژن : لە (عەلی) ەوە ﵁ بۆمان دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (سوننەتە بە پێ بچیت بۆ نوێژی جەژن )

لـه ( جـابری کـوڕی عبـدالله) هوه ﷺ فەرموویـەتی پێغەمبـەر ﷺ ئەگـەر ڕۆژی جـەژن بوایـە ڕێگاکـەی دەگۆڕی(ئیمامی نەوەوی) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پاش ئەوەی ئەم چەند شتەی سەرەوە بـاس دەکـات دەفەرمووێت:

ئەگەر هۆیەکەشی نەزانراو بێ سوننەتە شوێنی بکەوین بەیەك جاری، خوای گەورە باشتر دەزانێت

زانایەی پایە بەرز (ابن القيم الجوزية) دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ ڕێگایەکی جیاوازی دەگرتـە بـەر لـە جـەژنی ڕەمەزاندا لەڕێگایەکەوە دەرۆیشت و لەڕێگایـەکی تـرەوە دەهاتـەوە، وتـراوە: بـۆ ئـەوەی سـەلام لـە خـەڵکی هەردوو ڕێگاکە بکات، وە وتراوە: بۆ ئەوەی خەڵکی هەردوو ڕێگاکـە توشـی بەرەکـەتی ببێـت، وە وتـراوە بـۆ ئەوەی هەرکەسێك پێویستی پێی بوو پێویستییەکەی بۆ جێ بەجێ بکات، وە ووتراوە: کە ئەمە ڕاسترینیانە لەبەر هەموو ئەم شتانە بووە، وە لەبەر چەند دانایی یەکی تر کە هیچ ئیشێکی پێغەمبەر ﷺ بێ دانایی نەبووە

٦ ـ جەژنە پیرۆزە کردن لە یەکتر : کە بەیەك گەیشتین سوننەتە بـەم شـێوەیە پـیرۆز بـایی لەیـەکتر بکـەین : تقبل الله منا و منکم .

دووەم / لە بەڕێ کردنی ڕۆژی پیرۆزی جەژنی ڕەمەزانیش سوپاس کردنی پەروەردگار بۆ ئەوەی :

١ ـ سوپاسی پەروەردگارمان بکەین کە سەرکەوتومانی کرد کە ڕەمەزان بەڕۆژوو بووین و تەنها ئەومان پەرست

٢ ـ سوپاسـی پـەروەردگارمان بکـەین کـە ئـەو دوو ڕۆژەی جـاهلی بۆمـان گۆڕیـەوە بـە دوو ڕۆژی پـڕ خێـر و بەرەکەت و کردیە جەژن بۆمان و لە میلەتانی تر جیامانی کردەوە

٣ ـ هەست کردن بەوەی کە جەژن پەرستنێکە بۆ نزیك بوونەوە لەپەروەردگار نەك ڕۆژێك بۆ تاوان کردن

٤ ـ پاك کردنەوەی دڵەکانمان لە ڕق و کینە لە پێناو ڕەزامەندی خوای پەروەردگار .

٥ ـ هەموو کارەکانمان تەنها لەپێناو ڕەزامەندی خوا ئەنجامیان بدەین لە گەردن ئازاد کردن و سەردان کـردن و گەیاندنی صلەی ڕەحم ... هتد .

٦ ـ سەردان کردنی هەتیو و بێوەژن و هەژاران و پیرو پەککەوتەکان و دابین کردنی پێویستیەکانیان .

٧ ـ گەیاندنی صلەی ڕەحم .

٨ ـ نەرم و نیانی دەربڕین لەوەی هەوڵ بدەین بەرلەوەی پیرۆزباییمان لێبکەن ئێمە دەسـت پێشـخەر بـین بـۆ پیرۆزبایی کردن لە بەرامبەر .

٩ ـ لێخۆشبون لەو کەسانەی خراپەیان بەرامبەرمان کردوە ئەمەش تەنها لەپێناو ڕەزامەندی خوا .

١٠ ـ سەردان کردنی ئەو کەسانەی زانستی شەرعی ئەزانن بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن .

١١ ـ بەخشینی دیاری بە یەکتر وەك ( کتێب و گۆڤار و نامێلکە و سیدی ئاینی ..... هتد ) .

١٢ ـ ڕازاندنەوەی ماڵەکانمان بە قورئان .

١٣ ـ بەهەل زانینـی جـەژن بـۆ بانگەشـە کـردن بـۆ ئـاینی ئیـسلام بـە ئاراسـتە کردنـی ئامۆژگـاری و ئاگـەدار کردنەوەی خەڵکی لە سەرپێچی و بیدعەکانی جەژن ... وە زۆر شتی تریش .

# چۆنێتیٚ نوێژی جەژن

نوێژی جەژن بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

**یەکەم:-** بریتیەلە دوو ڕکات ، لەبەر ڕیوایەتی ئیمامی (عمر) ﵁: نوێژی سەفەر دوو ڕکاتە ونوێژی قوربان دوو ڕکاتە ونوێژی جەژنی ڕەمەزان دوو ڕکاتە ، تەواون بە بیٚ کورت کردنەوە لەسەر زمانی محمد

**دووەم:** - یەکەم ڕکات دەست پیٚ دەکرێت وەکو هەموو نوێژەکان بە الله اکبر(تکبيرة الإحرام) پاشان حەوت الله اکبر(تکبیرە)ی تێدا دەکرێت، لە ڕکاتی دووەمیشدا پێنچ (تکبیرە)ی تێدا دەکرێت جگە لە(تکبیرە)ی دەرچوون بۆ ڕکوع وسجود وهەڵسانەوە

لە خاتوو عائیشەوە (خوای لیٚ ڕازی بێت) کە پێغەمبەر ﷺ لەنوێژی جەژنی ڕەمەزان وقوربان حەوت (تکبیرە)ی کردووە لە ڕکاتی یەکەم ، وە لە ڕکاتی دووەمدا پێنچ (تکبیرە)ی دەکرد جگە لە (تکبیرە)کانی تر ، ئەوەش پێش دەستپێکردن بە خوێندنەوەی سورەتی ( الفاتحة ) .

**سیٚیەم:** - بە(صەحیحی) نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کەوا دەست بەرز بکاتەوە لەگەڵ(تکبیرە) کانی جەژن

ئیمامی (البغوی) دەفەرمووێت: ئەمە ووتەی زۆربەی زانایانە لە صەحابەو پاش ئەوان ﵁ کە لە ڕکاتی یەکەم حەوت (تکبیرە) جگە لە(تکبیرە) ی دەست کردن بە نوێژ، وەلە ڕکاتی دووەم پێنچ (تکبیرە) جگە لە (تکبیرە) ی هەستانی پێش خوێندنی فاتحە ئەمە گێڕدراوەتەوە لە ( ابوبکر و عمرو علی ) .

**چوارەم:-** کە(تکبیرە) کانی تەواو دەکرد دەستی بەخوێندنەوەی فاتیحە و پاشان ﴿قٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ ١﴾ (سورة ق) لەڕکاتێکدا دەخوێندو لەڕکاتەکەی تردا ﴿ٱقۡتَرَبَتِ ٱلسَّاعَةُ وَٱنشَقَّ ٱلۡقَمَرُ ١﴾ (القمـــر) ی دەخوێند .

وە هەندیٚ جاریش ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١﴾ (الأعلـــى) و﴿هَلۡ أَتَىٰكَ حَدِيثُ ٱلۡغَٰشِيَةِ ١﴾ (الغاشـــية) ی دەخوێند .

**پیٚنجەم:-** ئیتر هەموو شێوازەکانی تری ئەم نوێژە وەکو نوێژەکانی تر وایە بیٚ جیاوازی .

**شەشەم:-** هەرکەسێك فریای نوێژی جەژن نەکەوت بە جەماعەت ئەوا دوو ڕکات دەکات .

# کۆتایی

دیسانەوە ئەڵێم جەژن بریتی نیە لە ڕۆژێکی دیاری کراو بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی کوێرانە وە هۆکارێك نیە بۆ سەرپێچی کردنی ئەو پەروەردگارەی لە نەفامی ڕزگاری کردین و دوو ڕۆژی پڕ بەرەکەتی وەك خەڵاتیك بۆمان کردویەتە جەژن ، وە هەروەك زانای سەردەم (ابن عثيمين) بەڕەحمەت بێت فەرموویەتی : (( خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆژی جەژن دا کاتێکی زۆر ئەفەوتێنن بەهۆی مانەوە تادرەنگانێك بە سەماکردن و گاڵتە کردن و یاری ، وە ڕەنگە وازیان هێنابێ لە ئەنجامدانی نوێژەکانیان لەکاتی دیاری کراوی خۆی یان فەوتاندنی نوێژی جەماعەت ، وەك بڵێی بیانەوێ بەم کارەیان ئاسەوار و کاریگەری مانگی ڕەمەزان لە دڵ و دەرونیان بسڕنەوە ئەگەر هەبوبێ ، وە ئەو پەیمانە نوێ بکەنەوە لەگەڵ ئەو شەیتانەی لەڕەمەزاندا مامەڵە کردنیان لەگەڵیا کەم بوبووەوە )) .

بەندەکانی خوا ڕۆژی جەژن ڕۆژی شوکرانە کردنی نیعمەتەکانی پەروەردگارە ئاگاتان لە خۆتان و ماڵ و منداڵ و خوشك و براکانتان بێ لەکەوتنە تاوان و سەرپێچی کردنی پەروەردگار باشترین کارێکیش لە جەژندا ئەنجامی بدەین ئەوەیە خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەڕێکردنی جەژن بە زیندو کردنەوەی سوننەتەکان و سوپاس گوزاری بۆ ئەو پەروەردگارەی سەرکەوتووی کردین بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان وەکارێك بکەن پەرەستنەکانی ڕەمەزانتان قبوڵ بکرێ هەروەك هەندێ لە زانایان فەرمویانە : پاداشتی چاکە پەیوەستە بە پاش خۆیەوە جا ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکاو بەدوایدا چاکەیەکی تر ئەنجام بدا ئەوە نیشانەی قەبوڵ بوونی چاکەی یەکەمیەتی ، هەروەکو ئەگەر کەسێك چاکەیەك بکاو بە دوایدا خراپەیەك ئەنجام بدات ئەوە نیشانەی ڕەتکردنەوە و قبوڵ نەبوونی چاکەکەیەتی .

ماوەتەوە بڵێم ئەگەر وویستت داب و نەریت و ڕەوشتی هەر میلەتێك بزانیت ئەوا چاو ببڕە جەژنەکانیان بۆیە ئەگەر لەو کەسانەی کەمتەرخەمیت کردوە لە پەرەستنەکانی ڕەمەزان ئەوا لەخوا بپارێرەوە لێت خۆش بێت و جەژن بکەرە هۆکارێك بۆ پاڕانەوە و گەڕانەوە بۆلای پەروەردگار ، وە ئەگەر لەو کەسانەی بە باوەڕێکی بەرزەوە بێ کەم و کوڕی ڕەمەزانت بەڕێ کردوە ئەوا سوپاسی پەروەردگارت بکە کە سەرکەوتووی کردی بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان ، سوپاس کردنیش بە بەردەوام بوونە لەسەر پەرەستن لەپاش ڕەمەزان بۆیە ئەم وتەیەی ئەیخەمە ڕوو بەسە بۆ ئەو کەسەی باوەڕی بە خواو ڕۆژی دوایی هەبێت هەروەك هەندێك لەزانایان سەبارەت بەم هەڵە تێگەیشتنەی خەڵکی لە جەژن فەرموویانە : (( ئەگەر ئەو خەڵکە پێشوەخت خوای پەروەردگار پێی ڕاگەیاندوون کە ڕۆژوو و تەراویحی لێ وەرگرتوون ئەوا دەبوایە لەڕۆژانی جەژن دا سەرقاڵی شوکرانە بژێری بن کە خوای پەروەردگار پەرستشەکانی لێ وەرگرتوون . وە ئەگەر لەوە دەترسن کە پەرستشەکانیان لێ وەرنەگیرا بێ ئەوا دەبێت زیاتر و زیاترسەرقاڵی پاڕانەوە بن بۆ وەرگیرانی پەرەستشەکانیان ))

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ